# چێژ و رۆشنبیریی سێکسی

نەجات روستی
nrosty@yahoo.com



یەکێك لە پێداویستیە گرنگەکانی مرۆڤ کە لە ژیانی رۆژانەی وەك هەوا و خۆراك پێویستیێتی کرداری سێکسە، کە بەپێی قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤ دەگۆڕێت. لە هەندێ کاتدا مرۆڤ زۆر چالاك دەبێت بۆ سێکسکردن، بەپێچەوانەشەوە لەهەندێ کاتیشدا لاواز دەبێت. کردەی سێکس جیاوازی هەیە لە نێوان مرۆڤەکان، بەشێوەی کردار بێ یان شێوەی هەست. چەندین هۆکار هەن کەوا لە مرۆڤ دەکەن شێوەی چالاکی سێکسیان بگۆڕێت. لە هەمووی گرنگتر هۆکاری دەرەکیە، کە کاریگەری زۆری بۆ سەر هەستی مرۆڤ هەیە. قۆناغی گەشەکردنی سێکس لە مرۆڤدا لەتەمەنی هەشت ساڵیەوە دەستپێدەکات، بەواتای چوونە ناو قۆناغی مێینە یان نێرینە، ئەمەش بەگەشەکردنی کۆئەندامی زاوزێ دادەنرێت. بە شێوەیەك لەش ئامادەیی بۆ زاوزێ هەبێت، لەم قۆناغەدا لەشی مرۆڤ بەشێوەیەکی خێرا دەگۆڕێت، زۆرجار بارێکی ناهەموار دروستدەکات مرۆڤ هەست بەشەرم دەکات یان هەست بە خۆشیەکی زۆر دەکات یان تێکەڵەیەك لەم هەستانەی لا دروست دەبێت. لە قۆناغی هەرزەکاری کەناسکترین قۆناغە و کاریگەری دەوروبەر بەسەر مرۆڤەوە زۆرە، بۆیە هەندێ هەرزەکار شێوازی کەسێك یان ئارەزوویەکی تایبەت بە خۆیان وەردەگرن.

لە مێینە دوو هێلکەدان هەن، هەڵگری چەندین هەزار هێلکەی نەپێتێنراون، پاش قۆناغی گەشە هێلکەدان هەموو مانگێك هێلکەیەك فڕێ دەدات، ئەگەر بێتو ئەم هێلکەیە بەهۆی سپێرمەوە نەپێتێنرێت ئەوا هێلکەکە دەمرێت. هێلکەدان هەموو مانگێك ئامادەیی خۆی بۆ سکپڕبوون نیشان دەدات و دیواری ناو هێلکەدان لەم کاتەدا ناسك و تەنك دەبێتەوە ئەگەر بێتو جوتبوون روونەدا، یان سپێرم نەگاتە هێلکەدان، ئەوا هێلکە لە کۆئەندامی مێینەوە دێتەدەرێ و بەمەش سوڕی مانگانە دروست دەبێت، بەچاو ناتوانرێت هێلکەی سوڕی مانگانە ببینرێت، چونکە دەرکەوتنی سوڕی مانگانە لە مێینەیەکەوە بۆ یەکێکیتر دەگۆڕێت، زۆر کچ هەست بە گەرمیەکی زۆری ناو لەشیان دەکەن و هەندێکیتر هەستی ئەوتۆی پێ ناکەن، هەندێکیتر هەست بە ئازارێکی زۆر دەکەن لەهەردوو مەمکیان هەست بە ئازاردەکەن و شێوازی گەورەبوون وەردەگرن و چەند زیپکەیەك لەروی کچان دەردەکەوێ، لە تەمەنی چل و سەرەتای پەنجا، رەگەزی مێینە لەسوڕی هێلکە دەوەستێتەوە، توانای دروستکردنی منداڵیشی نامێنێ گۆڕانکاریەکان لەمێینە بەوە هەست پێدەکرێ (گەورەبوونی هەردوو مەمك و هەست بە ئازارێکی زۆر، دەرکەوتنی موو لەژێر باڵ و بەرپان بوونی سمت، کۆئەندامی زاوزێ گەشەدەکاو هێلکەدان دەست بەدەرکردنی هێلکە دەکات، پاشان سوڕی مانگانە روودەدات، بەڵام گۆڕانکاریەکان لە پیاودا گەشەکردنی سنگ و شان و دەرکەوتنی سمێڵ و گەورەبوونی کۆئەندامی زاوزێ و گون و دەرچوونی سپێرم لە کۆئەندامی زاوزێ، ئەمەش بەدەستپیاهێنانی دەست بە کۆئەندامی زاوزێدا، یان لە کاتی خەوا کەبە (شەیتانی بوون) ناودەبرێت.

لەم قۆناغەدا زۆرگرنگە دایك و باوکان راستی بەمنداڵەکانیان بڵێن و رێنمای تەندروستیان پێ نیشان بدەن، چونکە لەم قۆناغەی هەرزەکاری هەستێکی زۆر جیاوازی هەیە. هەر زانیاریەکی هەڵە یان هەر هەڵسوکەوتێکی نەگونجاو بەشێوەیەکی ناهەموار بەسەر هەرزەکاردا دەشکێتەوە، سێکس کردەیەکی خۆشە، بەڵام لەهەمان کاتدا قورسی و ناهەمواری خۆی هەیە، بۆیە کوران و کچان لەکاتی ئەنجامدانی کردەی سێکسی دەبێ ئاگاداری خۆیان بن، چونکە لەڕێگای سێکس چەندین نەخۆشی هەیە تووشی مرۆڤ دەبێت، بەتایبەتی رەگەزی مێینە، هەر بۆیە رێگای تەندروست و کۆمەڵایەتی بۆ ئەنجامدانی کردەی سێکسی لەبەر چاوبگرێ.

زۆر گرنگە نێرینە شارەزاییان هەبێت کەخۆشی و رەزامەندی ژنان هۆکاری ئاسودەکردن و تێرکردنی رەگەزی نێرینەیە لە کاتی سێکسدا، بۆیە نابێت زۆری لەژنان بکرێت بۆ ئەنجامدانی کردەی سێکسی، ئەگەر هاتوو ئارەزووی لەسەر نەبێت.

خەتەنەکردن هۆکارێکە کە ئارەزوی سێکس لەلای ژنان کەم دەکاتەوە و مەیلی کردنیان لاواز دەکات، خەتەنەکردن کە لەزۆربەی وڵاتانی جیهانی سێیەم پەیڕەو دەکرێ دەبێتە هۆی وشك بوونەوەی کۆئەندامی زاوزێ لەژنان زۆر بە قورسی تەڕدەبێت، هەروەها کاریگەری زۆری هەیە بۆ رێژەی لەبارچوونی منداڵ، چونکە لەڕێگەی خەتەنەکردن بەشێکی کۆئەندامی زاوزێ ئەبڕدرێت، بەشودانی کچان بەبێ ئارەزوی خۆیان هۆکارێکیترە بۆ ئەوەی ژنان لەززەت لە سێکس نەبینن، چونکە کچەکە وەك کەسێکی نامۆ سەیری پیاوەکەی دەکات و ناتوانێ وەك پێویست ئاوێتەی بێت.

سەرچاوە: www.everyarabstudent.com